# دیتن و چاوەڕوانییەکانی ئێمە

**(هەڵوێستەیێک لە سەر بۆچوونەکانی دوای ڕاگەیاندنی فراکسیون و چەند تێبینییەک)**

## سەرەتا

بڵاوبوونەوەی راگەیاندنی "فراکسیونی چالاکی بە ناوی کۆمەڵە" گەلێک هەڵوێستی جۆربەجۆری بە دوای خۆیدا هێناوە و تا ئێستا گەلێک بۆچوون، پرسیار و تێبینی جۆربەجۆریشی لەسەر بڵاوکراوەتەوە. هەم رەخنەی لێ گیراوە، هەم پشتیوانیشی لێ کراوە، کەسانێکیش پێیان باش بووە پەڵپی پێبگرن و بە بێ وردبوونەوە لە ناوەڕۆکەکەی درۆ و دەلەسەی بخەنە پاڵ و بە جنێوفرۆشی زۆرەبانی لەگەڵدا بگرن. کەسانی واش هەبوون کە هەلپەرستانە بە گوێرەی "گرتنی ماسی لە ئاوی لیخن" هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا کردووە....

ئێمە پێشتریش گومانمان لەوە نەبوو کە ئەم راگەیاندنە هەڵسەنگاندنی جۆراوجوری لەسەر دەکرێت. ئێمە هەروا کە هەستمان بە پشتیوانی بیروڕایی لە ناوەوە و دەرەوەی خۆمان دەکرد، ئاواش دەمانزانی کە ئەم ڕاگەیاندنە لەگەڵ رەخنە و پرسیاری جۆراوجۆر بەرەورو دەبێتەوە. چاوەڕوانیی ئەوەشمان دەکرد کە وەبەر پلاری بێپارێزی شەپۆلنشینەکان و ناوناتۆرەی جنێوفرۆشانی حیرفەیی ببێتەوە. دەمانزانی کە لە ناو خۆشماندا کەسانی وا هەن کە لە دووی دەرفەتێک دەگەڕێن تا خۆیێک پیشان بدەن.

هەروەها دەمانزانی دەکەوینە بەر شاڵاوی نفرەتپژێنی دەستەوتاقمی لە نەوعی حیکمەتیستەکانیش. ئەمە نەک لەبەر ئەوەیە کە پێشداورەیمان لەسەر دەرونی کەسەکانیان هەبێ، یان هەمانە، بەڵکوو لە ناسینی بۆچوون و ڕێباز و رێوشوێنەکەیانەوە سەرچاوەی دەگرت و دەگرێ. چونکا ئەم ئەتوار و هەڵسوکەوتانە لە دایکبووی ئەو تێفکرین و بۆچوونانەیە کە شوێنی کەوتوون. ئێمە بە گۆشت و پێستەوە زەرەرمەندی ئەو دیتن و شێوازانەمان لە کار و کێبەرکێی سیاسیدا هەست پێکردووە و ئەنجامەکانیمان دیتوە. هەر وەک چۆن دەزانین کە داری ژەقنەموت بەری شیرین ناگرێ، ئاواش دەزانین کە ئەو ریوشوێنە لەهەر جێیەک گەرا بخات، کەڵکی پێوە ناهێڵێ، سەری لێ دەشێوێنێ و هەر رۆژ زیاتر بە لایەکدا پەرتەوازەی دەکات. ئەوانە خۆیان بە دەست و ئاکاری خۆیان پەندێکی وایان بەسەر خۆیان دەرهێناوە کە باشتر لە هەر وڵام و گوتارێک دەستی بەتاڵ و رەفتاری چەوتیان دەخاتە پێش چاوی خەڵک. ئەوانە خۆیان لەقاودەری خۆیانن، تەرمی نەزانینی خۆیان راکێش دەکەن. پێویست بە وڵامدانەوەیان ناکات، هەروا کە وڵامێکمان بۆ جنێو فرۆشییەکانیان نیە.

ئێمە هەموو ئەوانەمان پێشبینی کردبوو. لەگەڵ ئەوانەشدا بڕیارمان ئەوە بوو، بڕیاریشمان ئەوەیە کە بە پشتبەستن بە هێزی وشیاریی گشتی، بەخۆ دوورخستنەوە لە سوورهەڵگەڕان و هاتەران بێژی، بە بێ گرێ و بەبێ پێچوپەنا لەگەڵ پرسیار و رەخنەکاندا بەرەورو ببینەوە، قسەی خۆمان بکەین و دەنگی خەڵکیش ببیەین. هەروەها سپاسی هەموو ئەو کەسانەش بکەین کە بە پشتیوانی، بە رەخنە و تێبینیەکانی خۆیان روانگەمان بەرینتر و رێگامان روونتر دەکەنەوە. بڕیارمان ئەوە بووە و ئەوە دەبێ

که به بێ دەمارگرژی گوێ لە ڕەخنەکان بگرین و لە کاکڵی مەبەستیان بگەین و بە تاقەتەوە دەنگی خۆمان بە گوێی خەڵکی دیکە بگەیێنین. بۆ ئەم مەبەستەش ویستومانە و هەوڵ ئەدەین بە قەدەر توانای خۆمان کەش و هەوایەکی ساغ بڕەخسێنین بۆ ڕادەربڕین و گوێگرتن، بۆ گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونەکان، بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکان. ئەمە بڕوای پتەوی ئێمەیە و لە هەموو ئەم ماوەیەدا سەرەڕای هەموو کۆسپەکانیش هەر بەم چەشنە جووڵاوینەتەوە.

تەنانەت لە ڕاگەیاندنی فراکسیونیشدا بە کەسری شانی خۆمان نەزانیوە کە بڵێین: "ڕاستییەکان ڕێژەیین و تەنیا لە ڕەوتی بەرەورووبوونەوە و دیالۆگێکی ئەمرۆیی و گەشدا دەتوانن زیاتر خۆ دەربخەن و پوختە بکرێن" ئەمە حوکم و حەقیقەتێکی زانستی و بیروبڕواییە و هەر کەس نکۆڵی لێبکات سەری خۆی بە بەردا دەکێشێ و هەر تەشکیلاتێک و ڕێکخراوێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیش خۆی لێ ببوێرێ، تووشی لێکترازان و داوەشان دەبێ، خراپتر لەوەش کۆمەڵگا بەرەو گێرەوکێشەی زیاتر ڕادەکێشێ.

هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە هەموو ڕاستییەکان کوتومت بە لای ئێمەوەن و هەموو چەوتوچەوێڵییەکیش لە ئەستۆی خەڵکی دیکەیە. قەتیش بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە کاری ئێمە و بیری ئێمە ڕەخنەی لێ ناگیردرێ. ئەمە سەرەتا و بناخەیەکی پتەوە بۆ هەر کارێکی پوخت، هەر ڕێکخراوێک پەیرەوی بکات نیشانەیەکە بۆ پێشکەوتوویی و دەتوانێ بە کردەوە کۆمەڵگا بەختەوەر بکات. ئێمە هەوڵمان ئەوەیە و هیوادارین هەر بەو ئاراستەیەدا بچینە پێشەوە.

## پوختەی مەبەست و کاکڵی بۆچوونەکانمان

ئێمە لە دەرەوەی مێژوودا سەیری کۆمەڵەمان نەکردووە و نایکەین. شەخسەپەرۆیەک نیە نەزرونیازی لێ بخوازین. پێمان وایە کۆمەڵە واقع و بوونێکی مێژووییە و وەک هەر دیاردەیەکی مێژوویی بەرزی و نزمی، کەموکوڕی و سەربەرزی و شانازی خۆی هەبووە و هەیەتی. پێمان وایە کۆمەڵە بە کار و خەبات و ئەزمونەکانی خۆی ئەو پتانسیل و توانایيەی هەیە کە بتوانێ دەوری سەرەکی لە ڕێکخستن و تەیارکردنی ڕەوتێکی بەرینی چەپ و سوسیالیست و عەداڵتخواز بۆ گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بگێڕێ و هەر بەو پێیەش نەخشی بەرچاو لە پتەوکردنی ئەو ڕەوتە لە سەرانسەری ئێراندا ببینێ. ئێمە پێمان وایە ئێستا کۆمەڵە لەو دەورە دوور کەوتۆتەوە و کۆسپ و کەموکوڕییەکی زۆری ڕوانگەیی و ڕێکخراوەیی لە بەردەمدا هەیە کە ئەگەر چار نەکرێت و بیرێکی وردی لێ نەکرێتەوە، بێ گومان زەرەر و دووبارەکاری و دواکەوتنێکی زۆری پێوە دەبێ.

یەکێک لە ئامانجەکانی فراکسیون وروژاندنی ئەو پرسە سەرەکییانە و کۆکردنەوەی وزەوتوانای گشتیمانە بۆ کردنەوەی ئەو گرێیانە و لابردنی ئەو کۆسپ و کەموکوڕییانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی کۆمەڵەیان گرتووە و ناکرێ شانی لێ هەڵتەکێندرێ. ئەویش نەک هەر بە تەنیا هێزی خۆمان، بەڵکوو بە یارمەتی هەموومان و بە هاریکاری هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان لە گەڵ ئەو مەبەستانەدا بە هاوبیر و هاوبەش دەزانن.

ئێمە دەمێک ساڵە بیر لە تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێگای کۆمەڵە دەکەینەوە. بیر لەو هۆکارانە دەکەینەوە کە کۆمەڵەیان خستۆتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە هەر لق و پۆی لێ دەبێتەوە و تا دەگاتە هەر کۆنگرەیەک مەترسی لێکترازان دای دەگرێت. ئێمە پێمان وایە زۆرینەی ڕێبەرایەتی ئێستای کۆمەڵە لە جیاتی ئەوەی بە تەنگ دامەزراندن و پتەوکردنی ڕایەڵەکانی پێوندی راستەقینەی خۆی لەگەڵ خەباتی جەماوەریی ناو کۆمەڵگاوە بێت، لە جیاتی ئەوەی لە خەمی پتەوکردنی ریزەکانی خۆی و کۆکردنەوەی هێزی بلقووەی ئینسانیی کۆمەڵەوە بێت و بیکاتە هێزی بە کردەوە، بەردەوام عەودالّی گەلاڵەکردن و وتنەوەی ئامانجە نیهاییەکانی خۆیەتی و لە دنیای بیر و زەینی سازکراوی خۆیەوە سەیری راستییەکانی ناو کۆمەڵگا و ناو ریزەکانی کۆمەڵە دەکات. لەو باوەڕەداین کە ئەو بۆچوونە راستەوخۆ شوێنەواری خراپ لەسەر کاریگەری کۆمەڵە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستاندا دەگێڕێ. ئەم بۆچوونە لە چاکترین حاڵەتی خۆیدا کۆمەڵە دەکاتە ئەو گروپەی کە هەر وەعدەی داهاتوویییەکی نادیاری لە باخەڵ دایە، گروپێک کە هەر سوێند بە دروشمەکانی خۆی دەخوات و بە ئامانجە نیهاییەکانی کە بەختەوەری کۆمەڵگایان تێدایە.

بەڵام بە لای ئێمەوە گرینگ ئەوەیە کە هێزی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتە بە دوور لە دروشم هاوێژی و خۆ بە گەورە زانین ریزبەندی راستەقینەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بناسێ و بتوانێ قسەی ڕۆژی پێ بێ و بتوانێ ئەمڕۆ بەقەدەر توانای راستەقینەی خۆی دڕوویەک لە قاڵبی مەینەتییەکانی ژیانی راستەقینەی ئەمڕۆی ناو کۆمەڵگا دەربێنێ. دەبێ ئەوە گرینگ بێت کە چۆن دەکرێ بە وەڵامدانەوە بە پرسیار و ئەرکە گرینگەکانی ئەمڕۆ لەسەر عەرزی واقع ـ نەک لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆمانەوە ـ زۆرترین هیزی بەرین و جەماوەریی ناو کۆمەڵگا بکەوێتە سەر راستەرێیەک کە سەر لە دادپەروەری و سوسیالیسم دەربێنێ، نەک بە گوڕم و بە هەڵەشە، بەڵکوو لە درێژەی ڕەوتێکی وردی بەدانستەی وشیارانەدا. لەم ڕوانگەوە جا ئەگەر سوسیالیسم ئاسۆی دوارۆژە، دەبێ بناخەکانیشی هەر لە ئەمرۆوە بە وردی و بەدانستە دابرێژرێ. دیارە هەرچی بە بڕشتر و خێراتر باشتر، ئەمەش بە ئیرادە ناکرێ و گرێ دراوەتەوە بە رادەی ڕێکخستن و وزە و توانای جەماوەری حازر و وشیاری ناو جەنگەی خەباتی سیاسی ـ چینایەتی و کۆمەڵایەتی، گرێ دراوەتەوە بە وردبینی و بیرتیژی هێزی پێشکەوتووی یەکانگیری کۆمەڵایەتی کە چۆن دەکارێ بە پێی هەلومەرجی تایبەت و پێداویستیی قۆناغەکانی خەبات، کۆمەڵگا بباتە پێشەوە. هەروەها گرێ دراوەتەوە بەوەی کە چۆن دەکرێ وشیاریی کۆمەڵایەتی ببێتە هێزێکی پتەوی ماددی و بکرێ ئەرکەکانی ئەمڕۆ و ئاسۆی دوارۆژ پێکەوە گرێ بدرێتەوە.

ئێمە هەر لەم پێوەندییانەدا و بە گوێرەی توانای خۆمان گەلێک پرسیارمان وروژاندووە کە کورتە و پوختەیەکی لە راگەیاندنی فراکسیوندا بڵاو کراونەتەوە، ویستومانە بڵێین:

- ئێمە باوەڕمان بە تیوری " حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" ـ کە زۆرینەی ڕێبەرایەتی حیزب ئەمڕۆ بە کردەوە بڕوایان پێیەتی و لەو ئاوێنەوە دەڕواننە دەسەڵات و دامەزراندنی سوسیالیسم ـ نیە. دڵنیاین کە ئەو بۆچوونە زەرەری گەورە و ماڵوێرانکاری بۆ حیزب و بۆ کۆمەڵگاش بە دواوە دەبێ.

- ئێمە پێمان وایە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە ئێستا زۆرینەی رێبەرایەتی حاشای لێ دەکات و بە بێ هیچ لێکدانەوەیەک لە بڕیارنامەی کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا سڕیویەتییەوە. ئێمە پێمان وایە ستەمی نەتەوەیی لە هەموو ئێراندا وجودی هەیە و راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هێزی پێشڕەو دەبێ دەرکی پێ بکا و بەرنامەی بۆی هەبێ. هەرجۆرە دەستکاریکردنێکی دڵخوازانەی روخساری دموگرافی کۆمەڵگای ئێران، هەرجۆرە دەرهاویشتنێکی نەتەوەکانی‌تری ئێران بە بیانووی نەبوونی "جووڵانەوەی رەسەن و شۆڕشگێرانە" شان هەڵتەکاندنە لە ئەرکە بەراییەکان و ئەو پرسە گرینگانەی کە ئەمڕۆ لەبەردەمی ئەم وڵاتە ئیستبداد لێدراوەدا خۆی دەردەخات. ئێمە پێمان وایە خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی ناسیونالیسم نیە و دەشێ کمونیستەکان چالاکترین و راستگۆترین پشتیوانی بە کردەوە بن بۆ رزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکان.
- ئێمە پاش لێوردبوونەوەی زۆر و بە دیتنی ئەزمونی ٢٥ ساڵەی حیزبی کمونیستی ئێران بەو قەناعەتە گەیشتووین کە لەتکردن و دابەشکردنی کۆمەڵە بەسەر دوو ناوی جوراوجۆر، ئێستا ئیتر مەنتقێکی بەهێزی لە پشتەوە نیە. ئەم دوو فاقییە وزە و توانای کۆمەڵەی هێناوەتەخوار و ئێستا هیچ لەتێکیان وەک پێویست لە جێی خۆیاندا نین. ئێستا کۆمەڵە بەم دەست و بەو دەست خەریکی کۆنگرە و کۆنفرانسی "روتێنی" یەک بە دوای یەکە بۆ دوو حیزب کە لە راستیدا هەر یەکن. ئێمە لەو باوەڕەداین کە یەکدەستکردنەوەی کۆمەڵە گەورەترین قازانجی بۆ چەپ لە ئێران و کوردستان هەیە و دەیبێت.
- لەسەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش و ئەو هەلومەرجە راستەقینەیەی کە تێیدان، هەروەها چاوەروانیەکان لێیان و ئەرکەکانی پێش‌دەمیان و تواناییەکانیان، روانین و تێبینی جیاوازمان هەیە. کە نابێ هەر لە ئاوێنەی سکتاریستییانەی حیزبییەوە هەڵسەنگێندرێن، نابێ بەناحەق و هەر بەو دیتنە خۆماڵییانەی خۆمان گەورە یان بچوک بکرێنەوە، نابێ وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردن بە حیزب و بەرژەوەندی تەسکی حیزبییەوە هەڵسەنگێندرێن و چاویان لێبکرێ و .....
- لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە ئیرادی جیدیمان لەسەر نەریت و شێوەی بەڕێوەچوونی کاروباری رێکخراوەیی هەیە، ئەم شێوە باوەی ئێستا بە شێوازێکی بێ‌بەر و هیچ لێ نەهاتووی دەزانین. چونکە بیری جیاواز بە دوژمنکاری لێکدەداتەوە. گوشاری تەشکیلاتی دەکاتە ئامرازێک بۆ هەڵپەساردن و کپکردنی ئەو کەسانەی دەنگی جیاواز هەڵدەبڕن. مرۆڤەکان بەسەر "خۆیی" و "ناخۆیی" دابەش دەکات، دژبەری و دەمارگرژی دەخوڵقێنێ. چونکە تاکدەنگی و تاکڕەوی و دەسەڵاتی تاکیش زاڵ دەکات و ئەمەش بە نۆرەی خۆی متمانە بەخۆیی لە ناو حیزبدا ناهێڵێتەوە. بەداخەوە سەرجەمی کاروباری رێکخراوەیی ئێمە هەر بەم پێودانگە چۆتە پێشەوە کە ئێستا ئیتر کونگرە و کەنفرانسەکانی لای ئێمە فۆرمالیتەن، هیچ ئامادەسازییەکی هەمەلایەنە و ئەوتۆی سیاسی لە گۆڕیدا نیە کە لەخزمەت پوختەکردنی مەسەلەکان، باسەکان و دۆزینەوەی چاکترین رێگا و پێویستترین ئەرکەکانی قۆناغەکانی پێش‌دەم بێت. بە پێچەوانە باسەکانی ناو کۆنگرەکان هێندە ساردوسڕ و یەکلایەنە نەخشەڕێژ دەکرێت و دەچێتە پێشەوە، کە تەنانەت پێشتر و بەر لە کونگرە کەس نازانێ لەسەر چی قسە دەکرێ و دواتریش کاتێک قسەوباسەکان بە پچرپچری بڵاو دەبنەوە، ئیتر تامی قسەیان تێدا نەماوە و کەس ناچێتەوە سەریان، تا ئاوڕیش بدرێتەوە "هاوینێکی" دیکە دەگا و کۆنگرەیەکی دیکەش بەسەردا دەکەوێ!

هەموو ئەمانە پێویستییان بە باسی ورد و ئاوڕدانەوەیەکی هەمە لایەنە هەیە. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەو پێناوەدا ئەوەی پێمان بکرێ ئەنجامی ئەدەین و سەرنجی هەموو لایەکیش بۆ کردنەوەی درگای باس و دیالۆگێکی رووبەدەرەوەی هاورێیانە و بەدور لە پێشداوەری و بە بێ پەنابردن بە گزی و دەسبادان ـ لەسەر هەموو ئەو بابەتانە ـ رادەکێشین.

## ناوەڕۆکی بیری بەتاڵ بە زمانی شڕ داناپۆشرێ

ئەمرۆژانە هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسە سیاسی و رێکخراوەییانەدا و پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنی فراکسیونی فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵە ژمارەیەکیش لە ئەندامانی حیزب بە نووسین و بە قسە بۆچوونەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە. بەداخەوە زۆربەیان پڕاوپڕن لە ناراستی، پێشداوەری و قسەی دژ بەیەک. ئەمانە نەیانتوانیوە خۆیان لە قەرەی باسە سیاسی و فکرییەکان بدەن و زیاتر لە دروشم و تەبلیغاتێکی گوشارهێنەر دەچن تا قسەوباسێکی پوختی شیاوی لێوردبوونەوە. یەکێک لە جیاتی وڵامدانەوە بە پرسە گرینگەکان دەڵێ "ئەگەر راست دەکەن بۆ لەسەر خەڵکانی دیکە نانووسن" ئەندامێکی حیزب گلەیی کردووە کە بۆچی قەدری حیزبی کمونیست نازانن کە هەر لە سەرەتاوە تا ئیستا برەودەر و ئاڵاهەڵگری مارکسیسمی ئورتۆدۆکسی بووە، یەکێک مەرگمان بۆ دەنێرێ و ئەوی دیکە بە شوێن دەستی نادیاری دوژمناندا دەگەرێ ....

لە هەموان خرابتر نووسین و ڕاوێژی ئەندامێکی کومیتەی ناوەندییە کە بڵاوبوونەوەی بەیانییەی فراکسیونی کردۆتە بیانوویێک بۆ سووکایەتی کردن بەو چل و چەن کەسەی ئەندامی حیزب و پێشمەرگەی کۆمەڵە کە بەیانیەی فراکسیونیان ئیمزا کردووە. هەروەها هێرشی ناڕەوای کردۆتە سەر هەشت کەس لە کادر و رێبەرانی پێشووی کۆمەڵە[1]. تاوانی ئەم کەسانە لە ڕوانگەی نووسەرەوە ئەوەیە: خێرا پشتیوانیان لە فراکسیون دەربڕیوە، گۆڕنشینی دەرەوی وڵاتن، بێکار و بێبارن، بۆ ماوەیەکی دووورودرێژە کاری حیزبییان نەکردووە، دوژمنی کۆمەڵەن، رێگاخۆشکەرن بۆ دابڕانەکانی ناو کۆمەڵە، هۆکار و هاندەری دەرەکییان هەیە و بۆچی تا ئێستا بە گژ ناعەداڵەتی و لەباربردنی بەمیلیون ئینسانی ئازار چەشتوی دنیادا نەهاتوونەتەوە و ... ئەمانە لە حاڵێکدایە کە نووسەر گۆیا ویستویەتی" بیروباوەری ئەو کۆمەڵە کەسە" لێکبداتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێ!

هێنانەوەی ئەم نمونەیە نەک لەبەر گرینگی، بەڵکو پیشاندانی شێوازێکە کە بەداخەوە خۆی بەسەر تەشکیلاتدا فەرز کردوە و ئاوا لە گەڵ جیابیراندا دەجووڵێنەوە، ئاواش بە بەردەفرکێ و دەستبادان دەیانەوێ باسی سیاسی بکەن. جا خوێنەر دەبێ تەسەوری ئەوە بکات کە لە کۆبوونەوەکانی ناو پاڵتاک و قسەوڕاوێژی زارەکی‌دا دەبێ چی ببێژرێ و چی بگوترێ. (پێمان باش نییە نمونەکانی باس بکەین.) مەبەستمان رەخنەگرتنی جیدی لەو شێوازە دواکەوتوانەیە کە بەرۆکی حیزبی گرتوە و هەتا لە ملی نەبێتەوە، دڵنیاین کە هەناسەیەکی ئاسودە هەڵناکێشێ.

---

[1]-دەقی فارسی و کوردی ئەو نووسراوەیە لە هەموو سایتەکانی کۆمەڵە و حیزبدا هەن.

ئێمە بە بێ پێچ و پەنا پێمانوایە ئەمە شێوازێکی نەشیاوی خۆسەپێنەرە کە قسەی بۆ وتن نیە و بە هاتوهاوار و دەمهەراشی گەرەکیە خەڵک چاوترسێن بکات. دەنا ئەگەر کەسێک قسەیەکی بۆ وتن بێ، بۆ دەبێ پەنا بەو شێوازە نارەسەن و پەرپووتە ببات. ئەمە شێوازێکی چەوتە و گۆنگەڵی ئەو کەسانەیە کە بوونی خۆیان لە نەبوونی خەڵکانی دیکەدا دەبیننەوە. بەداخەوەین کە لە بەرزترین پلەی حیزبیدا ئاوەکەی دەرێژرێ و لە پێناو قازانجێکی گچکەی ململانێی حیزبیدا چاو لە زەرەرەکانی دەپۆشرێ. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:

تا کەی دەبێ سووکایەتی بە کەسانێک بکرێ کە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمەدا یەکنایەنەوە؟ تاکەی دەبێ وەک کەرەسە و مەقاشی دەست سەیری ئینسانەکان بکرێ کە ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بوون ئەوا پیاوچاکن، دەنا دوژمنی قەستەسەر و بێسەرەوبەرەن؟ بۆ دەبێ لە دەرەوەی وڵاتبوون بۆ خۆمان فەزیلەت بێ و بۆ خەڵکی دیکە پەڵەی ناوچاوان؟ بۆ دەبێ بە "گۆرنشینەکانی دەرەوەی وڵات" ناویان ببەین؟ چما ئێستاش  ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حکا "گۆرنشینی دەرەوەی وڵات" نین، چما زیاتر لە نەوەد لە سەدی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب و کۆمەڵە دانیشتوی دەرەوەی وڵات نین؟ باشە ئەگەر کەسێک کاری حیزبی نەکرد یان وازی لە کار و چالاکی حیزبی هێنابوو، مافی دەربڕینی بیرورای خۆی نیە؟! بۆ دەبێ ئەگەر کەسێک ڕەخنەی لە کۆمەڵە گرت، خێرا بخرێتە تەرازوی دوژمنەوە؟ ئاخەر خۆ ئەمانە سەرەتاییترین مافەکانی ئینسانن! بۆ دەبێ کومیتەی ناوەندی حیزب ئاوا بە حاسانی رێگای پێشێل کردنیان بکاتەوە؟ مەگەر ئێمە شەو ورۆژ دەنگ هەڵنابڕین کە: "کۆمەڵگایەک دادەمەزرێنین کە هەر ژنێکی جلشۆر و کرێکارێکی نەخوێندەواریش بتوانن ئەهرومەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن"!؟

بەداخەوین کە هەندێک کەس ئێستاش نازانن کە خەڵک چاو و گوێی هەیە و قسەی ئەمڕۆ بە ئاوێنەی کرداری سبەینێ دەشوبهێنێ. چما ئەگەر کومیتەی ناوەندییەک ئاوا بیر بکاتەوە، سبەینێ لە وڵاتدا چاو لە خەڵکی نارازی سوور ناکاتەوە کە "ئەو کاتەی من پێشمەرگە بووم ئێوە چتان دەکرد"؟!

باشتر وابوو نووسەر بەر لەوەی رق و توورەییەکەی خۆی هەڵرێژێتە سەر کاغەز چاوێکی لە بڵاوکراوەکانی چەند ساڵ لەوە پێشی حیزب بکردایە کە چۆن ئەو دەمانە پێشوازی لە هاورێیانی پێشتر "دانیشتو"ی حیزب و کۆمەڵە دەکرا و کەس پێی نەدەگوتن "گۆرنشینەکانی دەرەوەی وڵات". بەشێک لەوانە هەر ئەو کەسانەن کە ئەمڕۆ هاورێی نووسەر بە فریوخواردوەکانی خەڵکانی دیکەیان لە قەلەم دەدات. یان لانی کەم باش وابوو چاوێکی بە پەیامە گەرموگوڕەکەی هاورێ ئیبرایمی عەلیزادە بۆ ئەو هاورێیانەی کە بەشێک لە ژیانیان لە ناو کۆمەڵەدا بردۆتە سەر و ئێستا لە ئێراندا دەژین بگێڕایە. تۆ بڵێی ئەمانە هەمووی چەواشەکاری و دەستخەڕۆکردنی خەڵک بووبێ؟ تۆ بڵێی هەمووی مەکر و فێڵێکی حیزبی بووبێ بۆ ململانێیەکی تەشکیلاتی؟ ...

ئەم گوتارە ناشیرین و غەیرە سیاسییانە لە کاتێکدا دەنووسرێن و هاندەدرێن کە ئەو کەسانە باشترین ساڵەکانی ژیانی خۆیان بە تایبەت لە ئاڵۆزترین و سەخترین سەردەمەکانی ژیانی کۆمەڵە بردۆتە سەر و دەورێکی دیار و بەرچاویان لە وەدیهاتنی هەموو ئەو دەستکەوتانەدا هەبووە کە حاشای لێ ناکردرێ...

ئێمە ئەوانە و هەموو ئەو سەدوسی چل کەسەی کە پشتیوانییان لە بۆچوونەکانی فراکسیون کردووە ـ سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی سەلیقەیی و روانگەییش کە هەمانبێ ـ وێڕای هەموو هاورێیانی دێرین و ئێستا و هەموو ئەو کەسانەی کە ئاواتی کۆمەڵەیەکی یەکانگیری چەپ و سوسیالیستییان لە دڵ دایە، بە هێز و بە سەرمایەی ئینسانیی کۆمەڵە دەزانین و دەبێ خۆمان و کۆمەڵگا بە بەختەوەر بزانین کە رۆژێک دەراوێک بخوڵقێ کە هەموان پێکرا ـ تەنانەت بە بۆچوونی جیاوازیشەوە ـ بە ئاراستەیەکدا و لەپێناو هاتنەدیی کۆمەڵگایەکی بەختەوەردا تێبکۆشین.

ئەمرۆ ئەگەر لێپرسینەوەیەک هەبا و ئەگەر ئینسافێک لە گۆڕێدا بوایە، دەبوو کومیتەی ناوەندی داوای لێبوردنی لە هەمو ئەو ئینسانانە بکردایە، کە بە هۆی شوێنی ژیان و چالاک نەبوونی سیاسی لە ناو حیزبی کمونیستی ئێراندا سوکایەتییان پێ دەکرێت. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان بێزاری لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە دەردەبڕین و بە زەرەری کۆمەڵەی دەزانین و داوای لێبوردنیش لەو هاورێیانە دەکەین.

## دوا وتە

ئێمە سەرەرای جیاوازییەکانمان بڕوامان بە پێکەوە هەڵکردن هەیە. ئێمە دەتوانین لە ململانێیەکی سیاسی ـ تەشکیلاتی شەرافەتمەندانەدا وێڕای هێنانەگۆڕ و باسکردنی جیاوازییەکانمان پێکەوە کاروباری رێکخراوەیی و سیاسی خۆمان بەرینە پێشەوە. با هەموو کەس بزانێت کە ئەمە بۆ ئێمە سیاسەتێکی روون و هەڵبژێردراوی بە دانستەیە و هیچ فرتوفێڵ و زەخت و زۆرێکی دەرەکی و ناوەکی تێدا نیە. چونکە جیایی بە رێگایەکی زەرەرمەند دەزانین، چونکە خەڵک و کۆمەڵگا و کۆمەڵە زەرەری تێدا دەکەن.

ئێمە لەو باوەرەداین کە کۆنگرەی سیانزە سەرەرای هەموو کەموکوڕییەکانی هەنگاوێکی باشی هەڵگرتووە بۆ چەسپاندنی مافی کەمایەتی. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان پێشوازی لێ دەکەین و بە دەرفەتێکی باشێ دەزانین بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن. با پێکەوە بیکەینە دەرسێک و ئەزمونێکی گرینگی بە کردەوە لە ناو خۆمان و لە دەرەوەی خۆشماندا.

هیوادارین ئەو هەنگاوە بە بیانووی جۆربەجۆر دوو هەنگاو بەرەو دواوەی بە شوێنەوە نەبێت. هیوادارین کەس پێی وانەبێت فێڵی کردووە، چونکە سەرەنجامی هەمو فێڵێک نسکۆدان و تێکشکان و لە کیسدانی متمانەیە.

**فراکسیونی فەعالییەت بەناوی کۆمەڵە**

**٢٠ی ئاگوستی ٢٠٠٨، بەرامبەر بە ٢٣ ی گەلاوێژی ١٣٨٧**